www.dengekan.com

# کۆپلەگەلێک لە شیعری:



## هەندرێن

### هەندرێن

لە ناوەکەمدا: منداڵییەکی لە دایک نەبوو، لێ بە گ...مە.

گەنجایەتییەکی گەمارۆدراو، لێ بە جمە؛

پێشمەرگایەتییەکی بێ پێناسە، لێ شکۆ... مەند

کۆچەرایەتییەکی راونراو، لێ پەن ... هان

تاراوگەیەکی لە دارستانیشینکراو، لێ پڕ لە مامزی ژ ... نان

هەنووکەیەکی پەرۆشتر، لێ بە چرپەتر لە با ... ران...

هەر هەموو هەڵدە...

شاخێن.

***

ناوەکەم: پەیڤینم؛

شوێن ...

گەل؛

شوێن...

کات،

لەسەر تۆپکی چیایەکدا،

وەک دەریاچەیەک لە پێتی پەنگخواردوو.

له بن مانگێکدا چڕ دەبنەوە؛
ڕەگەکانت؛ ناوە... کەت،

دەهۆنێتەوە.

***

له ناوەکەمدا: بێدەنگی؛
ڕۆچوونێک،
له ماڵی دوورگەیەک له ڕەنگی تەنیایی،

شوێنی له دایک بوونێکت دەخەملێ.



***

ناوەکەم: شەبەنگی؛
شەپۆڵدار،
له بناری ڕێگای کاکێشانەوە
له زەوی دەڕوانێ و
یادەوەریی و نامۆیی لێکترازاو؛ ئەوێ و ئێرە
لەگەڵ خوددا ئاشتدەکاتەوە.

ئەوکاتە هەندرێنی دەنوێنی.

***

له ناوەکەمدا: له پاکییەتی ناومرا؛
له خیانەتی ناومرا



رووەو: منداڵی،

گەنجایەتی،

پێشەمەرگایەتی،

تا  راوگە،

هە  نووکەدا

وەستا ... وم.

***

لە ناومرا: هەوەسی گرتنی ئاسمان،

قووتدانی زریان،

ماچکردنی مەمکی کیژە قەرەجان،

گومانی بێ ولا ... تی،

دەزنێ.

سەرمامە و

هەستدەکەم زەمەندێک لە چرپە لەناومە.

شوێنکاتم بارانە و

گەواڵەیەک بە مەیل

چڕینی بینایی و

لووتکەی هەڵچوونمی،

گەمارۆداوە.

وێدەچێ سەفەرێک، رووبارێک بە دوام بێ؟!

***

لە بەرزایی تاراویلکەییمدا

لە بەردەم دەروازەی سەفەردا:

""هەر جوست و جۆمە و کەچی هەر دەڕۆم و پێناگەم".

لە ڕاڕەوی ڕێگایەکدا:
" هەر گفتوگۆمە و کەچی هەر دەڵێم و تێناگەم". (*)
لە ناوەکەمدا: هەنگاوێک؛
تەنیاییەک بە تەنیا هەنگاوی هەندرێنە.

***

ناوەکەت: ڕەنگەکان؛
نەواکان،
لە جمەی بێدەنگی قووڕگتا
لە ڕێژنەی نیگای گەوەڵەتا
ڕژانت دەژەنن.
لەودەمە ڕەوەزی شاخەکان؛
شوێنکاتی لە دایکبوونت؛
هەبوونی هەنووکەیت
بەناو یەک وەر دەبن.
پەلکەزێڕینەی وەسوەسە دەتپۆشێ
بێماڵیت دەپەیڤێ:
ناوەکەت.

***

لە ناوەکەمدا: ئەسپەکان،
گورگەکان
لەسەر ڕووخسارمدا بە ڕووی یەک وەستاون؛
لە ڕووخسارمەوە ئەسپەکان سەرهەڵدەگرن و
گورگەکانیش خەونەکان؛ یادەوەرییم دەڕننەوە.

لە ڕامانمدا ئەسپەکان دەبن بە بڵێسەی سەر لووتکە و
گەردەلوول لە حیلەیانەوە هەڵدەکا،
شارە لاڵەکان بە چاوەکانیان گۆ دەکەن.

گورگەکانیش لە نێوان ددانەکانتەوە
لە ماڵەکەتەوە رادەکەن:
بە دەم بە ئاگا هاتنەوەی ناوەکەت.

***
لە ناوەکەمدا: لە نێوان ئێرە؛
ئەوێدا،
شوورایەک لە نامۆیی؛
هەرەسی شۆڕشی بێشووناس؛
ئاکامی: گە
ندە
ڵی
"سەفەرێکی مەحاڵ"ت پێدەتنووسنەوە.
بێماڵیت زمانتە؛
زمانت ماڵەکەی بێمالتە.

لێرەدا!
بە ناولێنانێک لە زارمەوە،
جیاوازییەک – هەندرێنێک لە هانای سێبووری-
دەلەرێتەوە.
.........................................................

* هەردوو کۆپلە هی مەحوین.
تێبینی: تابلۆکانیش دووانیان هی خۆم یەکیان هی ماریا ئارنایزە.
سەرەتای زستان و کۆتایی 07
ستۆکهۆلم

له نێوان ئێرەو ئەوێدا؛

تاراوگە و چیایێ هەندرێندا،

## هەبوون

رەنگە له  ناوەوە هاتنە دەرەوە  مانای هەڵاتن بێ له دڵنیاییەکی راشکاوەوە بۆ بۆشاییەکی مەزنی تژی له زایەڵە. ئەمەش ئەوەمان بە یاد دەهێنێتەوە؛ جارێک کەسێک له قەشەیەکی پرسی، حەز دەکەی لە کوێ بژی؟ قەشەکە بە هاواراوە وتی: سکی دایکم؛ یەکەم شوێن.

بەمجۆرە دەبینین کە کۆرپەڵەکان لە یەکەم شوێنەوە  بە دەم لە دایکبوونەوە شپرزانە بەناو یادەوەرییەکی دوکەڵاوییەوە بەرەو ئەو بوونە خۆڵەمێشییەدا هەڵدەکاڵێن. دوو باڵی رەش وەک دەستەکانی ژیان لە نێو نەبوونێکی لەرزیوەوە زارۆکایەتی پەلکێشدەکا. لێ یادەوەریی زارۆک بە پێچەوانەی ئاگاییەوە بەرەو یەکەم نائاگایی بوونەکەی گەشتەکەی دەستپێدەکا.